# ئەشکەوتی سەهۆڵان



ئەشکەوتی سەهۆڵان بە بۆنەی سروشتی سەرەنجڕاکێشیەوە یەکێک لە ناوازەترین شوێنە گەشتیارییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و جیهان دێتە ئەژمار.

ئەشکەوتی سەهۆڵان لە گوندی سەهۆڵان لە ٤٢ کیلۆمەتری باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری مەهاباد لە نێوان مەهاباد و بۆکان هەڵکەوتووە. بەرزایی ئەشکەوتەکە تا ئاستی دەریاچەکەی دەگاتە ٥٠ مەتر و قووڵایی ئاوکە لە هەندێک جێگایدا دەگاتە ٣٠ مەتر. جیاوازی پلەی گەرمای ناو و دەرەوەی ئەشکەوتەکەش لە نێوان ١٠ بۆ ١٥ پلەی گەرمایە.

سەهۆڵان لە زمانی کوردیدا بە واتای یەخبەنانە و خەڵکی خۆجەیی ئەو ناوچە بە ئەشکەوتی سەهۆڵان دەڵێن کونە کۆتر یان هێلانە کۆتر؛ هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ژمارەی زۆری هێلانەی کۆتر لە ناو ئەشکەوتەکەیە.

مێژووی دۆزینەوەی ئەشکەوتەکە نادیارە چونکوو لەلای دەستی گوندی زۆر ئاوەدان کراوەتەوە و خەڵک بەردەوام وەکوو پەناگە و شوێنێک بۆ ڕاو کەلکیان لێ وەرگرتووە. بە شێوەی فەرمی ژاک دێمۆرگان گەشتیاری فەرەنسی لە نێوان ساڵەکان ١٨٩٢-١٨٩٦ ی زایینی بە هاوڕێیەتی خەڵکی گوندی سەهۆڵان دەستی داوەتە چێ کردنی بەلەمی چێوی و لە ڕێگای ئاوەکەوە تێپەڕیوە و نەخشەیەکی لە ئەشکەوتە کێشاوە کە سەدا ٦٠ لە ڕاستییەوە نزیکە.

دوای دێمۆرگان لە ساڵی ١٣٥٠ لێژنەیەک لە زانکۆی ئەکسفۆردەوە بە جیهازاتی تەواو سەردانی ئەشکەوتەکەیان کرد و لەسەری نووسیان کە یەکێک لە سەیر و سەمەرترین ئەشکەوتە ئاوییەکانی جیهان دێتە ئەژمار و لە کۆتاییدا لە ساڵی ١٣٧٠ گرووپێک بۆ ناسینەوەی زیاتر سەردای

ئەشکەوتەکەیان کرد و کاری سەرەتایی کردنەوەی ڕێگایەکیان بۆ ئەنجام دا و لە کۆتاییدا لە ١٣٧٦ تەواو کرا و ڕادەستی شارەوانی مەهاباد کرا.

ئەو ئەشکەوتە ئاوییە بە شێوەی سروشتی ناوازە و قەندیلی تایبەتەوە کە هەیەتی لە داوێنی زنجیرە کێوگەلێک بە ناوی کۆتر هەڵکەوتووە کە بەرزترین شوێنی لە ئاستی دەریاکانەوە ٢٢٠٠ مەتر بەرزە.

ئەو ئەشکەوتە دوو دەرکەی هەیە کە بەرزایی دەرکە سەرەکییەکەی نزیک بە ١٧٦٥ مەتر و بە ناوی کونە کۆتر کە بەرەو دەرکەیەکی بچووک بە قووڵایی ٣٠ مەتر دەڕوات. دەرکەی دووهەم نزیک بە ١٧٩٥ مەتر بەرزە و بە ناوی کونە ماڵان بەناوبانگە.

بە پەڕینەوە لە حەوشەی دەرەوە دەگەینە بەر دەرکەی ئەشکەوتەکەکە بەرزاییەکەی دەگاتە ٣٠ مەتر. حەوشەی ئەشکەوتەکە لە ڕێگای داڵانێکی سروشتییەوە دەگاتە دەریاچەی ئەشکەوتەکە کە ئەو داڵانە بۆ خۆی یەکێک لە شتە سەرسووڕهێنەرەکانی ئەو ئەشکەوتەیە و وێنەگەلێک لە سەردەمی پێش مێژوو لە سەری دەبینرێت. ئەو داڵانە بە بەرزایی نزیک بە ٥ مەتر بەرزتر لە یەکەم دەریاچەی (پێرک، گۆماوی خۆرست لەچیادا) ئەشکەوتەکە جێی گرتووە کە بە ١٠٦ پلیکانی چیمەنتۆیی دەچێتە خوارەوە و دەگاتە ئاستی ئەشکەوتەکە. دەریاچە سەرەتاییەکە نزیک بە ٢٠٠ مەتری چوارگۆش پانایی هەیە کە لە ڕاستیدا وەکوو ئیسکلەی ئەشکەوتەکەش بەکار دەهێنرێت.

ئەوئەشکەوتە دوای ئەشکەوتی عەلی سەدری هەمەدان و قوڕی قەڵای پاوە سێهەم ئەشکەوتی ئاوی-وشک گەورەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە

**تایبەتمەندی ئەشکەوتەکە**

ئەشکەوتەکە لە دوو بەشی ئاوی بە شێ حەوزی بچووک لێک چەسپاوە و بەشی وشکاییەکەشی لە پاڵیەتی . ئەشکەوتەکە ئاهەکییە و هەر بەو بۆنەوە قەندیلگەلێکی جوان و زۆری هەیە کە هەر کامەیان شێوە و ناوێکی هەیە؛ وەکوو: هەشت پێ، کیسەڵ، ئەستێرەی دەریایی، هۆشەی ترێ و ... . بەرزایی بەشی وشکایی ئەشکەوتەکە دەگاتە ٢٥٠ مەتر کە بە قەندیلگەلێکی زۆر جوان بە شێوەی سروشتی جوانکاری بۆ کراوە.

ئەشکەوتەکە بوونەوەری زیندووی جۆراوجۆریشی تێدا دەژیت کە زۆربەیان کۆتر و شەمشەمەکوێرەیە، بەڵام جۆرێک پێست سەخت وەکوو ئارتیمیاش لە ناو ئاوی ئەشکەوتەکە دۆزراوەتەوە. لە شوێنی پێک گەییشتنی ئاو و وشکایی لە قووڵایی ئەشکەوتەکەلێژاییەکی توند هەیە کە لە بەشی کۆتاییەکەی تونێلێک


هەیە کە بە پێێ قسەی کارناسان ڕێگای نهێنی بۆ گەیشتن بە قەڵای سەر کێوەکەیە کە بە تێپەڕینی کات داخراوە و کوێر بووەتەوە.

ڕۆیشتن بۆ بەشی ئاوی دەریاچەی ئەشکەوتەکە  بە بەلەم ئەنجام دەدرێت بەڵام بەشی وشکاییەکەی هەر بە پێ دەڕۆن.


هەر لە کاتی چوونە ژوورەوە بۆ ناو ئەشکەوتەکە بۆنی نم و بۆنی گووگرد هەست دەکرێت. گەشتیاران دوای وەرگرتنی هێلگی مەلە سواری بەلەم دەبن و گەشت بۆ ناو ئەشکەوتەکە دەست پێدەکات. گەشتیاران لە ئەو سەفەرە پڕ ڕەمز و ڕازەدا بە پەڕینەوە لە دالانی تەنگ و باریک سێ حەوزی بجووکی ئاوی و تێدەپەڕێنن تا دەگەنە چوارەمین و گەورەترین دەریاچە. ئەو دەریاچە نزیک بە ٥٠٠ مەتری چوارگۆش پانایی هەیە و ٢٥٠ مەتر لە ئیسکەلەکەوە دوورە.

### پلەی گەرمای ئەشکەوتی سەهۆڵان

پلەی گەرمای ئەو ئەشکەوتە لە هاوین و زستان لە نێوان ١٠ بۆ ١٣ پلە سەر و خوار دەکات و شێی ناو ئەشکەوتەکەش لە نێوان ٧٠ بۆ ٨٠ لەسەد دەگۆڕدرێت کە بە هۆی شێی زۆرەوە لە سەر بەرد و میچی ئەشکەوتەکە لۆیەکی مەجمەڵی بە ڕەنگی سەوز و قاوەیی دروست بووە و هەندێک جاریش ئاو لە میچەکەوە دەتکێتە خوارەوە.







مەنسوور تەها